خەبات

khabat The,May,13, 2008 No: (2847)
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Nazhad Aziz Surme

http://www.xebat.net E-mail:info@xebat.net

ئیسپانیا 80 ملیۆن گەشتیار ساڵانە

نیسپانیا لە پێشەوەی وڵاتە گەشتوگوزارەکانی جیهانە، ئەوانەش کە روو لە ئیسپانیا دەکەن بۆ گەشتوگوزاری ژمارەیان دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانیەتی کە 40 ملیۆن کەسەو داهاتی گەشتوگوزاریش لە هەموو داهاتێک پتترە. دیارترین شوێن گەشتوگوزاری کۆشکی سوورە کە ساڵانە 2,2 ملیۆن کەس رووی تێدەکەن پاشان موزەخانەی هونەرەکان کە ساڵانە 1,8 ملیۆن کەس سەردانی دەکەن بەدەیان شوێنی گەشتوگوزاری دیکە کە ئەم وڵاتەیان کردووە.

خەڵاتی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی

بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی یونسکۆ رایگەیاند: کە خەڵاتی جیهانی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی ئەمساڵ بەخشرایە خاتوونی ڕۆژنامەنووسیی مەکسیکی لیدیا کاتشو ریبایرۆ بەهۆی ئەو ئازایەتیەی ئەو خاتوونە نواندنیەتی لە رووی پەردە لادان لە رووی زۆر گەندەڵی سیاسی و تاوانی گەورەو توندوتیژی کۆمەڵگا، وێڕای ئەو هەموو هەڕەشانەی لێی کراوە و ئەو شەڕە دادگاییانەی لەگەڵی ئەنجام دراوە.

هونەرمەند: بەهێز نامق عەلی قادر

بڕۆفین

گەڕان بە دوای وەڵامەکاندا

لە باکگراوندی رووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا پرسیارێکی زۆر گرنگ دەوروژێندرێت و هەمیشە دووبارە دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئاخۆ هۆکارەکانی زیدەبوونی توندوتیژی لە وڵاتی ئێمەدا چین، وێڕای ئەو گۆڕانە بنەڕەتیانەی لە ژیانی کۆمەڵگای ئێمە لە ئارادایە کە گۆڕانێکی پۆزەتیڤانەیە، چ لە رووی ئابوورییەوە، چ لە رووی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە؟! ئەو توندوتیژیانەش زۆربەیان یان دەرهەق بە ئافرەت دەکرێن، یان زیادەبوونی دیاردەی ناوازەی خۆکوشتنە بە تایبەت لە نێو لاواندا کە جاران دیاردەیەکی ئێجگار بە دەگمەن بوو لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەو پرسیارەی لەم بوارەدا هەمیشە دەکرێت، هی ئەوەیە کە ئێمە بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین، لایەنە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەت ڕێکخراوە مەدەنیەکان گرنگە ئەگەر مشوورێکی زیاتر بخۆن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە هەتا وەڵامی دروستیش نەدۆزینەوە دەسەڵاتی ئەوەمان نابێت لە ڕێژەی ئەو دیاردە نەگەتیڤانە کەم کەینەوە... کە بۆتە برینێکی گەورە لە جەستەی ئەم کۆمەڵگایەدا بە تایبەت ئافرەتان و لاوان کە قوربانیی یەکەمن لەو هاوکێشە سەخت و ئاڵۆزەدا. ئەگەر حکوومەتیش هانی دامودەزگاو ڕێکخراوە چاکسازی و کۆمەڵایەتیەکان بدات و ئەوە ڕەنگە ئێمە لە ئایندەدا بتوانین پەنجە لەسەر زۆر لەو برینە کۆمەڵایەتیانەی خۆمان دابنێین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە ئەگەر چارەسەریەکە مشتێکیش بێت لە خەروارێک.

د. بارام بەرزنجی

لە لاپەڕەی (1)ـەوە

جەواد بۆلانی: زیاتر لە 27 هەزار کارمەندی پۆلیسی ئێراقی دەرکراون

ئاژانسەکان: وەزیری ناوخۆی ئێراقی ئاشکرایکرد، لەمیانەی پاککردنەوەی دەزگا ئەمنییەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەماوەی 3 ساڵی رابردوودا زیاتر لە 27 هەزار کارمەندی پۆلیس تا ئێستا لەسەر کارەکانیان لابردراون یان ڕەوانەی دادگا کراون، بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت وەزیری ناوخۆی ئێراقی جەواد بۆلانی ڕوونیکردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە حکوومەتی ئێراقی وەستاندنی شەڕی دژی ڕەوتی سەدر راگەیاندووە، بەڵام هێزەکانی ئاسایشی ئێراقی بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان بۆل12

تا ئێستا شەڕوپێکدادانەکانی لوبنان 59 کوژراو و 200 بریندارى لێکەوتۆتەوە

ئاژانسەکان: بەپێی لێدوانی سەرچاوە ئەمنییەکانی لوبنان لە سەرەتای دەسپێکردنی شەڕی نێوان لایەنە ناکۆکەکانی لوبنان تا دوێنێ 59 کەس کوژراون و پتر لە 200 کەسی دیکەش برینداربوون. هاوکات سەرەڕای بڵاوبوونەوەی هێزەکانی سوپای لوبنان لە زۆر شوێن و ناوچە جیاجیاکانی لوبناندا، بەڵام ناوەناوە لێرەولەوێ لایەنگرانی حزبوڵڵا و حکوومەت تەقە لەیەکدی دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەمین جومەیلی یەکێک لە بۆل12

ئەفسەرێکی ئەمەریکی: حزبوڵڵای لوبنان مەشق بە جەیشی مەهدی دەکات

CNN: ئەفسەرێکی ئەمەریکی جارێکی دیکە ئێرانی تاوانبار کرد کە هاوکاری و ئاسانکاری دەکات بۆ فێرکارانی حزبوڵڵا بۆ مەشقپێکردنی میلیشیاکانی سەر بە موقتەدا سەدر(جەیشی مەهدی) هەروەها گوتی: لای سوپای ئەمەریکا بەڵگەمان بەدەستەوەیە کە قسەکانمان بسەلمێنێت، کۆلۆنیل دۆناڵد بیکۆن قسەکەر بەناوی سوپای ئەمەریکا لە ئێراق گوتی: سوپای ئەمەریکا چەند چەکدارێکی لەلایە دانیان بەوەدا ناوە لەلایەن فێرکاری حزبوڵڵاوە مەشقیان پێکراوە و حکوومەتی ئێراقیش بۆل12

دوێنێ نرخی نەوت دابەزی

ڕۆیتەرز: دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژێ ڕابردوودا نرخی نەوت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردو نرخی هەر بەرمیلێک نەوت لە 126 دۆلار ڕەتیدا، دوێنێ نرخی نەوت جارێکی دیکە دابەزییەوەو گەیشتە 125.27دۆلار. دوای ئەوەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو نرخی نەوت گەیشتە 126.27 دۆلار، دوێنێ دووشەمە جارێکی دیکە نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا دابەزییەوە و کاتژمێر 9:19ی سەرلەبەیانی دوێنێ بەکاتی گرینج بۆل12

ڕیکلام

دیوان

هەر کوردن ئەگەر چی پاکی مەردن
پامالی زەمانە مەحوی کردن
هەرمانەوە بێ نەواو مەزلوم
وەک بوونی خەرابەزاری مەشئوم
گەر باعیسی ئەمە دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەموو تەمامە
ئەو شەرتە بە کوللی ئیتفاقە
گەر مەرعەش و وانە، گەر ئێراقە
(حاجی قادر)

ئەڵمانیا بەنیازە فرۆشتنی جگەرە قەدەغە بکات

دوای ماوەیەک لە قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لە فەرمانگەکان و دامودەزگا گشتییەکان پاشان قەدەغەکردنی لە چایخانەو چێشتخانەکان لیژنەی یەکێتی پاراستنی هاووڵاتیان ئێستا بیر لەوە دەکاتەوە بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی جگەرە دەربکات لە هەندێ شوێندا، جگەرە لە زیادەکردنی باجی تووتن.

بورهان محەمەد چەپکێ گۆرانی نوێ

خەبات-ن-سلێمانی- بەختیار مەلا ئەحمەد: هونەرمەند بورهان محەمەد سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرهەمێکی نوێیە و لەم بارەیەوە بەرۆژنامەی خەباتی راگەیاند: ئێستا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێی هونەریم کە هێشتا ناونیشانم بۆ دانەناوەو هەشت گۆرانی لەخۆی دەگرێت. گۆرانیەکانی ئەم بەرهەمە شێوازی خاوو خێرای لەخۆدەگرێت و لەلایەن چەند شاعیرێکەوە تێکستەکانی ئامادەکراوە کە لەناویاندا شیعرێکی شاعیری گەورە مەولەوی تیدایە و ئاوازەکانیش دوو ئاوازی عەتا ئەحمەد و ئەوانی دیکەی هی هونەرمەند خۆیەتی. سەبارەت بە لە ئەستۆگرتنی ئەرکی ماددی وێڕای ئەوەی هیچ سەنتەرو لایەن و دام و دەزگایەک هاوکاری نەکردووە هاوکات بڕی 10 هەزار دۆلاری تێدەچێت، هەروەکو بورهان محەمەد ئاماژەی بەوەدا کە. خۆی و هاوڕێیانی توانیویانە بەرهەمەکە بگەیێننە ئەوەی ئێستا کاری تۆمارکردنی بۆ بکرێت و لەماوەیەکی نزیکی داهاتوودا بڵاوبکرێتەوە. هاوکات لەگەڵ ئامادەکردنی ئەو سیدیە هونەرمەند بورهان محەمەد سەرقاڵی تۆمارکردنی بەرزە مەقامێکە کە تێکستی شاعیری گەورە مەولەویەو دابەشکردنی میوزیک و تۆمارکردنی دەنگ لەلایەن عەبدوڵڵا جەمال سەرگرمەیە.